بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر،)(العصر). و الصلاة و السلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

پێشی تەقریبەن پێنج دەرسان لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان کرد بیدایەتی دەرس، لەبەرئەوەی بەحسی ساحێب مەقامەکی گەورە و عالییە، ئەویش (رسول الله)یە صلى الله عليه وسلم، کە ڕووکنی دووەمی ئیسلام بوون و ئیمان هینانمانی پێوە مەڕبوطە ئەویش بەشەرە، وە مەوزوعی حوب و خۆشویستنی ئەو پێغەمبەرەی صلى الله عليه وسلم ئەصڵە لە ئیمانمان، لە ئیسلام بوونمان، لۆیە ئیستیحضاری ئحیاکردنی شەخصییەتی ئەو پێغەمبەرەی صلى الله عليه وسلم زڕوڕییە لە شعوری موسڵمانان، وە بالأخص شەبابی صەحوە، وە إن شاء الله کە ئەو چەند دەقائیقەی پێشی دەرس دادەنیشین، بەمن ئەوها باشترە ئەوها ئیحساس بکەین کە لە خزمەت پێغەمبەرین صلى الله عليه وسلم، لە مەدینە لە ڕەوضەی موطەهەڕە دەستمان برند کردییە و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر دەدەین: اللهم صلى على محمد وآل محمد كما صليت على ابراهيم و آل ابراهيم، و بارك على محمد وآل محمد كما باركت على ابراهيم و آل ابراهيم، في العالمين انك حميد مجيد.

عیلاقەی مە لەگەر پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم عیلاقەکی ناڵیم ڕوحییە، لەویش بە قووەتتر و عەمییق تر عیلاقەمان ئیمانییە، ڕوح لە بەدەن قەطع دەبی ئەمما ئیمان لە بەدەن قەطع نابی، ئیمان بە بەدەنەوە مەڕبوطە، ڕووکنی دووەمی ئەو ئیمانەش وە أشهدوا أن محمدا رسول الله زۆر ضڕوڕییە شەبابی صەحوە ئیستیحضاری، ئیستیشعاری شەخصییەت و وجودی پێغەمبەر بکات صلى الله عليه وسلم، لە شعوری فیعلەن کە ئەو ئینسانە عەظیيمە، ئەو ئینسانە ڕاقییە لەچ مستەوایەکە، بەمن لە ئەثنای صەڵەوات لێدان ئیستیشعار کردنی بە وجودی ئەو(محمد)ە زڕوڕیە صلى الله عليه وسلم، ئەوە موجەڕەد مولاحەضە.

دەرسی ئەوڕۆمان لەخزمەتتان باسی بەدئی دەعوەییە لە فەترەی یەکەمی مەککی، مەککە پاشی ئەوەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئیطمیئنان و حالەتی ئیستیقراڕی نەفسی لەبۆ دروست دەبی، ئیقڕار دەکا بەوەی کە سەتا سەت قەناعەت بەوەی دەینی کە سەتا سەت محمد نەبییە، وە ئیعداد دەکریٚ لەبۆ ڕیسالە، بەینی ئەو فەترە و و بەینی ڕەسول بوونی محمد صلى الله عليه وسلم، باری تعالی چەند ئییشەك لەسەر قەلب و شعوری ئەو(محمد)ەی دەکا صلى الله عليه وسلم، گوتمان لەخزمەتتان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەمثیلی ئیرادەی خوای دەکا لەسەر عەرز، یەعنی ئاثار و

ڕەحمەاتی رب العالمین لەسەر کەون، لەسەر وجود ئائەو شەخصە بووە کە ناوی محمد بووە صلی الله علیه وسلم، ئەو(محمد)ە باری تەعالا کو دەفەرمی بە حەزرەتی موسا: (واصطنعتك لنفسي)(طه ٤١)، یاخود دەفەرموو: (وألقيت عليك محبة مني ولتصنع على عيني)(طه ٣٩) نەفسی ئەو مواصەفاتانە لەوەی عەمییقتر و لەوەی موجەسەمتر بە پێغەمبەری فەرمووە: (فإنك بأعيننا)(الطور ٤٨)، ئا ئەو حالەتانە لە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ئیجاد کراییە، هەمووی وەکو نەینۆکەك، ئاوێنەك لەبۆ مە عەکس دەکرێ بە بوعدی ئیمانی، پێغەمبە رصلی الله علیه وسلم ئەو هەموو حالەتانە ئەلطاف و ڕەحمەاتی ڕەبانی بە نسبەت ذاتی رسول الله، هەمووی لە ناو قەلب و بەدەنی رسول الله جەمع کراییە، وەکو عاکیسەك، وەکو نەینۆکەك لەبۆ مە هەموو بەشەرییەت، هەموو ئەحیاء، هەموو جەماد، هەموو نەبات لە بوعدی ڕەحمەاتی رب العالمین کە فەرموویتی: (وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين)(الأنبياء ١٠٧)، بەشی خۆی قەطع دەکا ئەو قەطع کردنەی بەشی خۆی هەر ئینسانەك، لەهەر جەمادەك، وە هەر حەیوانەك، وە هەر نەباتەك وفقی ئیستیعداد و حاجەی خۆی لەناو داخلی خۆی، ئەوجا ئەو ئیستیعداد و حاجەییە باری تەعالا لە ذاتی محمد موسبەقەن دروستی دەکا، پاشان عەکسی دەکا لەبۆ صەحابە، ئەوجا جیلەن عەن جیل ئەو قورئانە لەبۆ مە دەمینێ.

ئەگەر هاتوو نەفسی ئیستیعداد و نەفسی حاجە شعور بکرێ لە ناو داخلی خۆمان ئەمە بەنەفسی کەم کە رب العالمین داییتیە محمد، ئیحتیمالە بەنەفسی کەم ئەمەش وەربگرین، یاخود ئەگەر قیچەك دونی ویش بی لە مستەوای ابوبکر و مصعب و عثمان وەری بگرین، ئەوجا لێرە باری تەعالا کو هاتییە جل جلالە ئیشی کردییە لەسەر ذاتی ئەو (رسول الله)یە، لۆوەی لە مستەوای تەثبییت و تەطمیین نەقلی کا لەبۆ ئیستقرارِی نەفس، حالەتەکی تێدا دروست بکا لە ذاتی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم.

وەکو کابرای دەوڵەمەند، کابرای تاجیر، تاجیر بە میثال دەبینیین ڕەئس مالی هەیە، هەر تاجیرەك کە ئیش دەکا، کاسبی دەکا ڕەئس مالی هەیە، بەو ڕەئس مالەی کەمییەك پارەی هەیە، بەو کەمییە پارەی ئیش دەکا کە ئیش دەکا بەو کەمییە پارە ئەو کەمییە پارە قازانج دەینی، ڕبح ڕەبحەکەی دەخوا، ئەگەر لە حەددی خۆی زیاتر بی دیسان داوێتە سەر مایەی، قسمەتی مایەی خۆی سەرمایەکەی مایەشی زیاد دەکا لێرە، موحتەمەلە قازانجیش زیاد بکا، نەفسی حالەت ولله المثل الأعلى رب العالمین لەگەل محمد موعاملە دەکا بە نەفسی ئسلوب، باری تەعالا ئیمان دروست دەکا لە ذاتی ئەو ڕەسولەی صلی الله علیه وسلم، ئیمان دروست دەکا لە ذاتی ئەو ڕەسولەی، بە چ ئسلوبەك؟ بەو قاعیدە ئیمانییەی کە پێشی چار دەرس بەحسمان کرد:،یەکەمیین مەرحەلە(اقرأ باسم ربك)(العلق ١) لە سورەتی علق،،دووەمین مەرحەلە: (واذكر اسم ربك)(المزمل ٨) لە سورەتی مزمل، پاشان سەبر سەبر ڕەفعی دەکا لەبۆ،مستەوای ئەخیری: (واذكر ربك كثيرا)(آل عمران ٤١) ئەوە مەرحەلەی نیهائییە،

بەو سێ مەرحەلییەتە ئیمانی ئەو(محمد)ەی بینا دەکا، کە هات محمد ئەو ئیمانەی لەناو قەلبی خۆی دروست بوو، ڕەگی داکوتی ئەو وەختی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو مستەوا ئیمانییە، لەو سەقفە و لەو حالەتەی، لەو حەیەوییەتەی، لەو حەرارەتەی نەقل دەکا لەبۆ صەحابە.
ئەمما بە چ؟ بەتەلەفوظات؟ لە جەواب لە قورئان باری تەعالا کەشف دەکا لەبۆمان نەخێر، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەزمان بەئینتاجی خۆی، بە قەواعیدی زمانی خۆی دەعوەی نەکردییە لە بیدایەت، ئیننەما رب العالمین هاتییە ئەو ئیمانەی لە ذاتی ئەو(محمد)ەی بینا کردییە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتییە ئەو ئیمانەی مومارەسەکردییە، کە مومارەسەی کردییە خەرك هەموو و بالأخص صەحابە عەمەلەن ئەو ئیمانەیان لە محمد دیتییە، کە عەمەلەن ئەو ئیمانەیان لەو (محمد)ەی دیتبی عالەم مەجبوری دەعوەتی پێغەمبەری بووە، مەجبوری ئیسلامییەتی محمد بووە بە واسطەی عەمەلەکەی، خولوقەکەی نەك بە واسطەی زمانەکەی، پێغەمبەر هیچ وەختەك موحاماتی نەکردییە، دەعوەی نەکردییە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، هەتتا پێشی قسەو تەلەفوظی، عەمەلی سەبقی نەکردبی لەبۆ قەلبی موقابیل، لۆیێ هەر وەقتەك ویستبی ئینسانەك دەعوە بکا لە بۆ ئیسلام، موسبەقەن جسری حوبب و مەوەددەی دروست کردییە بەینی خۆی و وی.
لۆیە حەتتا کافرەکان خۆشیان ویستییە، دوژمنی بووینە خۆشیان ویستییە، ئەققەلەن کە ویددایەتیان کردییە لە مستەوای خۆی دایاننابیە کە رەسولە، کەنەبییە، نەك لە مستەوای خۆیان کە ئینسان دوژمنیانە، ئەو حالەتە ئەو حالەتە بووە ابوبکر هاتییە حوسنی ئیستیفادەی لێ کردییە، کە ویستیتی دەعوە تەقدیم بکا لەبۆ موجتەمەع، لەبۆ وەسەط فەرموویتی ئەها محمد موئمینە، محمد ڕیسالەی لەبۆ هاتییە، مەضمونی ڕیسالەکانیش ئەو شتانەیە، یەکسەر وەسەطەکە ئیمانیان هینایە، بێ ئەوەی ابوبکر بێ مەفاهیم و مەعاییری ئیسلامی لەگەر مەفاهییم و مەعاییری ئەهلی کیتاب: ئەگەر یەهود، ئەگەر نەصارا، ئەگەر قورەیشی کەفەرە موقارەنە و موعایەرە بکا، ئەوهای نەکردییە ابوبکر، یەکسەر فەرموویتی نموذەجی ئیمانیمان(محمد)ە، وە لەبۆ ئەو(محمد)ەش ئەو مەوضوعە هاتییە.
ئیذەن عەقلی موقابیل، شعوری موقابیل ئیستینتاج دەکا ئەو مەوضوعەیە وەی لەو(محمد)ەی کردییە ئەوها دەربچی، ئەوها ببتە نموذەج لەبۆ هەموو کەون وە بالأخص لەبۆ ئەو مەجموعە بەشەرەی کە لەوێ ژیایینە، لۆیێش پێشی سێ دەرس بەحسی ئەوەمان کرد کە خەدیجە دێ ئیمان بە محمد دەینی، پێشی ئەوەی محمد خۆی ئیعتیراف بە خۆی بکا کە پێغەمبەر و رەسولە، لەبەر ئائەو مەجموعە نەیاشینانە خەدیجە ئیمانی پێ دەینی، چونکە ظەننەن رسول الله ئیعداد کراییە لە بۆ نبووەت و ریسالەت و هو لایدری، ئیذەن ئەو مواصەفاتانەی کە لە ناو عومق و ئەصاڵەتی پێغەمبەر هەبووە،

رب العالمين تێیدا بینای کردییه لەبۆ ئائەو مستەواییەی بووە، ئەو وەظیفەیە بووە کە لە موستەقبەل تەقدیمی دەکرێ و پێی تەوصیل دەبی، ئەویش نبووەت و ڕیسالەتە.

ئیذەن ابوبکر موحتاج نییە بەوەی بێ کوتوب و شوڕوحات و متوون حفظ کا، ئەوجا بێ هەرچی ئینتیقاداتی موقابیل هەییە تەشریح و تەحلیلی کا، پاشان ئەجوییەی لەبۆ دابنێ، لۆوەی فیعلەن بتانی لەو جەمعە غەفیرە، لەو هاڵلایە لە ئەفکار و مەفاهیم و مەبادیء کە هیچ قییەمی ئینسانی تێدا مەوجود نییە، هەشبی زۆر کەم و مەحدودە، ئەوجا بتانی ابوبکر عالەم دەعوەت کا لەبۆ ئیسلام، ابوبکر هیچ نەیگۆتییە هذا هو الاسلام: أن تصلي الخمس، أن تصوم رمضان، أن تحج البيت، قاطیبەتەن لە هەموو کوتوبی سیڕە، لەهەموو کوتوبی تاریخ ئەوە نییە، هەر ئەوەندە بە موقابیلی گوتییە طەبعەن پاشی ئیختیار محمد بویتە نەبی، ئەوانیش پرسیتیان چییە نبووەتی(محمد)ی؟ گوتیتی باری تەعالا ئیختیاری کرد لۆوەی ببتە وەسیط بەینی مەو بەینی خۆی، باشە کو بویتە وەسیط، بە چ بویتە وەسیط؟ بەکیتابەك ناوی قوڕئانە، کو عیسا بویتە وەسیط بەینی یەهودی موتەبەققی لەزەمەنی حەزرەتی موسی، وە موسی بویتە سەفیر و وەسیط بەینی فیڕعەون و ئالی فیڕعەون و بەنی ئیسڕائیل، لەبەینی خۆی و بەینی ئا ئەو موجتەمەعە لەگەر(الله)ی، (محمد)یش نەفسی صیفەتی هەیە، ئەوجا ئەوان حەقیقەتی محمد، بە فیعلی محمد، بە حەقائیقی محمد بە موجەسسەمی دیتیتیان، ئەوجا یەکسەر هاتیینە خزمەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم موسوڵمان بووییە، چونکە لۆ؟ مەفاهییم و مەبادئی دەعوە لەکن ابوبکری نەبووە خۆی تازە بووییتە موسڵمان.

ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەگەر تەشبیهـ بکرێ، پێغەمبەر تەشبیهـ بکرێ بە بەرداغەك پڕی نور و ڕەحمەت ببی، ئەو نور و ڕەحمەتە پڕ ببی هەتا مستەوای نیهائی، پاشان لێی بڕژێ ئەوەی کە لێی دەڕژێ گەیشتتە موجتەمەع و وەسەط و دەوروبەر، ئەوەی کە لێی ڕژایە ئەو ڕەحمەتە، ئەو هیدایەتە، ئەو ئەلطافە کە لەو پەرداغەی پڕبووە ڕژایتە دەووروبەر، گەیشتتە موجتەمەع و ئەو وەسەطەی کە محمد تێیدا مەوجود بووە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هیچ محاوەلەی ئەوەی نەکردییە تەفەنون و تەمثیل بکا تەقریبی مەفاهیمی ئەو موجتەمەعەی بکا لە ئیسلام، نەخێر خۆی نموذەج بووە لۆیە باری تەعالا لە سوڕەتی قەلەم لە بیدایەت دەفەرمی: (ن والقلم يسطرون)(القلم١)، طەبعەن ئەوانە هەموو قەسەمن: (ما أنت بنعمة ربك بمجنون)(القلم٢) نعمة.

ئائەو نیعمەتە چییە؟ ئائەو خولوق و سلوکەییە کە رب العالمين تەتویجی دەکا، تەمغەی لێ دەدا بە نوری نبووەت بە اقرأ ئینتیهای پێدەینی، بەو باوەش کردنەی حەزرەتی جبریل لەبۆ(محمد)ی صلی الله علیه وسلم، ئەوجا کە محمد صلی الله علیه وسلم ئیعتیراف، ئیقرار دەکا بە حالەتی نبووەتی خۆی دێ مومارەسە دەکا ئەوجارە، لۆوەی فیعلەن خۆی بگەینتە ئەو مستەوایەی نەك خوا دەیەوێ بەس،

ئیننەما مستەوای ڕیسالەت، چ نەوعە ڕیسالەتەك؟ دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد لە مستەوای هەموو کیتابەکان کە دابەزییە لەسەر هەموو ئەنبیاء و ڕوسول: (إن هذا لفي الصحف الأولى، صحف إبراهيم وموسى)(الأعلى ١٨،١٩).

ئیذەن ڕیسالییەتی ڕەسول محمد دەبی لە مستەوای عیسی و موسی و ابراهیم و ادریس و یحیی و یعقوب و یونس و هود و نوح و لوط وابراهیم، هەتا دەگاتە آدم علیه السلام لەو هەموو مستەوایاتانە دابووە: (إن هذا لفي الصحف الأولى، صحف إبراهيم وموسى)(الأعلى ١٨،١٩) وما سبق من موسى وما لحق ئەوە لە مستەوای، لە عەینی وەقتیش ئەگەر هاتوو هەر ڕەسولەك لەبۆ مەنهەجی خۆی دروست کرابی، لە مستەوای مەنهەجی خۆی دروست کرابی، دەبی محمد قابلییەت و طاقەی ئەو هەموو نەماذجانەی هەبی، یەعنی محمد طاقەو ئیمکانییاتی موساشی درابیتێ، طاقە وئیمکانییەتی عیساشی درابیتێ، طاقە و ئیمکانییەتی هودیشی درابیتێ، نوحیش، ئیبراهیمیش، وە عیساش وە یوسف وە یونس الى آخره... لۆیە رب العالمین لە قیصەصی ناو قورئان کە بەحسی ئەنبیاء و ڕوسول دەکا، بەعزە جار بە موباشر بەحسی یونس دەکا دەڵێ وەکو یونس مەبە، ئەگەر طاقەی وەکی یونسی پێ نەبی باری تەعالا مەنعی ناکا وەکی وی مەکە، چونکە پێی نییە، یاخود میثالی حەزرەتی ئیبراهیمی لۆ دەینی بە غەیر موباشر دەڵێ وەکی وی مەکە، میثالی حەزرەتی نوحی لۆ دەینی دەڵێ وەکی وی بە، وەکی فلانی بە، باشە ئەو وەکو بوونە غێر دەبی وەکی وی پێی بی.

ئەگەر کابرایەك نەصیحەتی من بکا ئەمن خێر بکەم دە دینار، غێر دەبی بزانی لە ناو گیرفانم دە دینار هەیە هەتا ئەو دە دینارەی خێر کەم، ئەگەر بە من برێ دە دینار خێرکە لە ناو گیرفانم پێنج دینار هەبی فایدەی ئەو نەصیەحەتەی نییە، رب العالمین ئەعلەمە بە صونعی محمد صلى الله عليه وسلم، خۆی خەلقی کردییە ذەڕە ذەڕە، ذەڕە لە ناو ڕەحمی کەون هەتا دەگاتە ناو ڕەحمی داکی، پاشان کە هاتتە وجودیش نەفسی شت ڕیعایاتی کردییە، ئیذەن رب العالمین کە دێ یختم لە النعمة بالنبوة: (ما أنت بنعمة ربك بمجنون)(القلم ٢)، پاشان لە سوڕەتی الضحى ئەوەی پێ دەرێ: (وأما بنعمة ربك فحدث)(الضحى ١١) ئەوە فەترەی یەکەمی نەشرکردنی ئیسلامە، (قم فأنذر)(المدثر ٢) ئەوە مەرحەلەی نیهائییە، (يا أيها المدثر، قم فأنذر)(المدثر١،٢) ئەوە مەرحەلەی نیهائییە، لێرە(ما أنت بنعمة ربك بمجنون)(القلم ٢) نیعمەتەکە نبووەتەکەییە، تەتویج کرا ئەو نیعمانە هەمووی بووە نبووەت، بووە نەبی بە واسطەی ئەو ئیینعامە، پاشان ئەو نیعمەتە بەس لۆخۆی نییە، مەبلەغە پارەك نییە لە کنی داندرابی پێی دەورەمەند بی و بەس، خصوصییەتەك نییە بەس لەبۆ وی بی، ئیننەما ئەو نیعمەتە دەبی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ببتە واسطە لەبۆ بەینی خۆی و بەینی بەشەرەکانی دی.

یەعنی هەرچی بەشەرییەت هەیە لە وجود لە خۆیەوە دەست پێ دەکا هەتا ئەخیر ئینسان، هەموو محاوەلە بکا هەمووی لە جەهەننەم دەرکا ئەگەر جێیان جەهەننەمە لەبۆ جەننەت، ئیذەن دەبێ چ بکا؟ (وأما بنعمة ربك فحدث)(الضحى ١١)، نیعمەتەکە چییە؟ نبووەتەکەیە، من یحدث؟ من یحدث الرسول؟ لەبۆ وانە بەحس دەکا کە ابوبکر دەیان هینی، ئیذەن دەوری ابوبکر چ بووە؟ دەعوە نەبووە تەجمیع بووە، ابوبکر چووە بەخەرکی گۆتییە محمد بووە نەبی، باشە کو بوییتە نەبی؟ واللە ڕیسالەی لۆهاتییە، لۆیێ هەموو سیەر، هەموو سیرە لەو فەترەیەی بەحسی دەعوە ناکا، باشە چ بووە دیسان؟ ئیعادەی دەکەینەوە چ بوویتە ماهییەتی سەبەبی دەعوەی ئەو موجتەمەعەی؟ خولوقی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، ئیذەن خولوقی موقابیل تەنها کەللابەییە، تەنها حەلەقەییە، تەنها ماددەی موغناطیسییە لەبۆ جەذبی عاممە و ڕەجولی شارع لەبۆ ناو دین فەقەط، خولوقی ئینسانی موئمین ئەگەر فیعلەن موتەصیل بی بە ئەوامری(رب العالمين)ی قورئانی.

کە دێ تەبلیغی دەکا محمد لەبۆ صەحابە لێی دەبینن، حالەن لێی دەبینن رب العالمين فەرموویتی: دەبی ئینسانی داعی صادیق بی لەگەر خۆی، لەگە رب العالمين، کە صادیق بوو لەگەر خۆی و رب العالمين ئەو صیدقەی عەکس دەبی لەگەر موجتەمەع، رب العالمين فەرموویتی: دەبی محمد غەشاش نەبی لەگەر خۆی، غەش لە خۆی نەکا، غەش لە رب العالمين نەکا، ئەو صیفەتە عەکس دەبی غەش لە موقابیلیش ناکا ئەگەر دوژمنیشی بی، ئەو حالەتەی وە لە موقابیل دەکا بێتە ناو ئیسلام، محمد بەس حافظی قورئان نەبووە حاملی قورئان بووە، موتەرجیمی قورئان بووە فیعلەن واقیعەن موحەویلی قورئان بووە لەبۆ حەیات، لۆیە رب العالمين محاوەلە دەکا ئەو حالەتە لە محمد دائیمەن ئیجاد بکا.

پێشی پێنج دەرس بەحسی قاعیدەی ئیمانییمان کرد، گوتمان هەموو قورئان لە بیدایەت موعالەجەی بوعدی ربوبییەت دەکا و بەس نەك ئولوهییەت، هەموو قورئان موعالەجەی بوعدی ربوبییەت یەعنی الله رب العالمين، لۆیە هەها لە بیدایەتی سوڕەتی عەلەق: (اقرأ باسم ربك الذي خلق)(العلق ١)، هەر کەلیمەی(الله)ی تێدا نییە، سوڕەتی عەلەق تێیدا نییە، سوڕەتی مزمل تێیدا نییە، ئا ئەو سورە هەموو لۆوەی فیعلەن بوعدی ربوبییەت لە مێشکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەوجود بی، ئیيجاد بکرێ بەو حەڕاڕەت و حەیەوییەتەی کە رب العالمين دەیەوێ لە محمد وە لە صەحابە، مەفهومی بوعدی ربوبیەتیش بە موختەصەری چییە؟ یەعنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە دەژی لە وەسەطی خۆی کە ئاو دەخوا ئەو ئاوە ئی(الله)یە، کە تیشکی ڕۆژ لێی دەدا پڕۆتین، ڤیتامین D لە جسمی دروست دەبی ئی(الله)یە، کە شینایی دەخوا ئی(الله)یە، گۆشت دەخوا ئی(الله)یە، ئەو ئۆکسجینە ئیمتیصاص دەکا ئی(الله)یە، ئەو جلو بەرگە، بەدەنی خۆی هەموو ئی(الله)یە، باشە ئەو هەمووە، ئەو هەموو بیئەیە، ئەو هەموو وەسەطەی ئی(الله)ی بی، الله ئەوها بە جێهێشتییە؟ حەتمەن شتەکی لێی

دەوێ، ئەو(الله)ە لێی دەوێ عیبادەتی ئەو(الله)یەی بکا موقابیلی ئەو هەموو نیعماتانەی کە الله دایتییە ئەو ئینسانەی، ئائەوەیە مەفهومی ربوبییەت.

لۆیێ لە بیدایەت دەڵێ: (اقرأ باسم ربك الذي خلق)(العلق ١) هەموو ئەو مەخلوقاتە دەبی دیراسە بکا محمد صلی الله علیه وسلم، ئائەوە قاعیدەکە بوو، لۆیە سورە، سورە جبرائیل دێتە خوارێ ئائەو حالەتەی لە ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیجاد دەکا، میثالەکی خولوقمان هینا جەوەکە گەرمە بەعزەك لەو برایانە خەویان دێ، میثالەکەی ئیعادە دەکەمەوە صیغەی تەئثیری خولوقیی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم لەسەر بیئەو وەسەط، ابو سوفیان تیجارەت دەکا، تاجیرە لە شام، هەرقەڵیش هاتتە سەفرە، هەرقەڵ خۆی لە ئیستەنبۆڵی ئێستا وەختی خۆی قوسطەنطینییە بووە، مەنبەعی مەسیحییەت بووە، هەرقل لەوێ مەسئولی غەربە وەکو کلنتونی ئێستا سەفەرات دەکا لەبۆ ناو ڕەعایای خۆی، نزیکی شام بووە، قەدەرەن ابو سوفیان لەوێ مەوجودە کە دەگاتە وێ کابرایەکی عالییمە، زانایە لە مەفاهییمی ئینجیل، کە دەگاتە ئەو مەنطەقەیە دەرێ ئەرێ ضەوضائەك، فەوضائەك هەیە لەو فەترەیە دروست بووە لە مەنطیقەی حییجاز، چ وفودی حییجازی هەیە لەو وەسەطەی، لەناو شام، لەناو حەلەب، حمص، حەما مەوجود بی؟ با بەعزە ئەخباریان لێ وەرگرین، ئەویش دائیرەی ئەمنی ئەو مەنطقەیەی زوو ڕەصەد دەکا مەجموعەك عەرەب هاتینە تیجارەتیان پێیە، ناوی ئەبو سوفیانە، یەکەکیان عەمرە، یەکەکیان ناوی فلانە ئەوانە هەموویان هاتیینە لەبۆ تیجارەت لێرە مەوجودن ئێستا، ئەگەر جەنابی هێرقل دەیەوێ موقابەلە بکە لەگەڵیان موستەعیدن ئەوانە بێنە خزمەتی.

فیعلەن ئیستیدعا دەکرێن، ئیستیدعا دەکرێن دێن، هەرسێکیان دێن ئەو وەفدە دیارە سێ نەفەر بووە دێن دادەنیشن، کابرا زیرەکە یەکسەر ابو سوفیان لە پێشەوە دادەنێ بەدوو ڕەفیقەکەشی دەڵێ لە پشتەوە دانیشن، ئەگەر ئەوە درۆی کرد ئیشارەتم لەبۆ بکەن ئەوە نەبینی، ئەمن بەعزە سوئال و ئیستیفسارم هەیە لە ابو سوفیان، طەبعەن پێشترێ دەڵێ کێ لەوانە لەو مەجموعەیە نزیکترین کەسە لەو شەخصەی کە ئیدیعای ئەو فەوضایەی دەکا؟ ئەویش چ بووە مەوضوعەکە نبووەتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم تازە دەگاتە کنەوان، ابو سوفیان دادەنێ دوو عەرەبەکەی دییش ڕەفیقی ابو سوفیان لە پشتیتی.

دەست دەکا بە پرسین لە ئەوەڵەن ئەنسابی محمد، شەخصییەتی، طائیفەی، بوعدی تاریخی ئیجتیماعی، تاریخی ئیقتیصادی، تاریخی عائیلەی، فیکری، پاشان خولوقی ئەو ئینسانە موسبەقەن بە چ مەعروف بووە؟ هەر لە منداڵی ڕا چ خەدەشی لەسەر ئەخلاقی بووە؟ هەمووی جواب دەدا، هەمووی بە ئیجابی جواب دەدا، ئەوجا لێرە کە کابرا زانایە هێرقل بە ئەدیان کابرایەکی سیاسییشە

دەرێ فیعلەن دیارە ئەوە ڕەسولە، بە چ؟ عیلمەن ابو سوفیان دوژمنی(محمد)ی بوو لەو فەترەیەی کە ئەو لیقائە دەکرێ لەبەینی قەیصەر کڵنتونی ئەو زەمان لەگەرئەبو سوفیانی.

چی وەی لەو(محمد)ەی کردییە بەو نەوعەی تەئثیر بکا لە وەسەط؟ خولوقی، هەرچی لەقەطاطی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە حەیاتی قەطع دەکەی ئایا لە مەککە، ئایا لە مەدینە هەرچی قەطعەك لە حەیاتی قەطع دەکەی هەمووی خولوق بووە وە لە قییممەش، مەثلەن کابرا ویستیتی ئیمتیحانی بکا، کابرای جو ئەهلی کیتاب ویستیتی ئیمتیحانی محمد بکا صلی الله علیه وسلم، لە مەدینە لەقطەکمان هەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم درعی، قەرغانی لەکن ئەو جوەی دادەنێ بە ڕەهن، ڕەهنی سێ ڕۆژان دوو ڕۆژی بەسەر دادەچی هێشتا ڕۆژەکی مابیە، لە ناو کیتابی خۆیان تەمەشا دەکا یەك لە سیفاتی ئەو پێغەمبەرە دەبی حەلیم بی، سیفەتی حیلم چییە؟ ئینسان غەرەتەکی موقابیل ئا ئەو شەخصەی کرد نابی بەغەڵەت جوابی بداتەوە، نابی بەغەڵەت جوابی بداتەوە ئەوە پێی دەگوترێ حیلم، ئینسانەکی حەلیمە خەطەئی لە بەرامبەر دەکرێ هەر خەطەئەك بی بە خەطەء جواب ناداتەوە، (والكاظمين الغيظ والعافين عن الناس)(آل عمران ١٣٤) ئا ئەوە صیفەتی حیلمە، دەیەوێ ئا ئەو حالەتەی لە محمد واقییعەن تەجروبە بکا، حەقییقەتەن تەجروبە بکا، لە ناو بازاڕی لە ناو قەرەبارغی و ئیزدیحام دێ یەقەی پێغەمبەر دەگری هەتا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم عەبای یەمانی لەبەر بووە، عەبایەکە قەراغەکانی بە ئەوەی دەدوورن عەبایی یەمانی ئەو زەمان زۆر توند بووە، کە لەئەثنای یەقەی پێغەمبەری دەگری بە توندی یەخەی عەبایەکەی تەئثیر لە گۆشتی پێغەمبەر دەکا، بەو توندییەی ڕایدەچنی حەرەکەی پێ دەکا کێش لەگەریتی؟ عومەر.

کە ئەو حالەتە لە پێغەمبەر دەکا لم لاتؤدي الامانة يا محمد؟ هەریدەتەکێنی پێغەمبەر، لە کێندەرێ؟ لە ناو دەولەتی ئیسلام، لەناو بازاڕی ئیسلام، لە ناو جەمعی موسوڵمانان، بە ڕەفاقەتی عمر، ئەوە هەمووی جورئەتە ها بە تەسەلسول وەرە خوارێ، ئیمامی عومەر ئەو عومەرەبی تەحەمولی ئەو حالەتەی ناکا، یەکسەر فەستەڵلا سەیفەهو حازرە لەبۆ شیر وەشاندن، یا رسول الله بەس ئەمیرییتی دعنی أضرب عنقه، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم واز لە یەهودی دینی ڕوو لە ئیمامی عومەر دەکا دەڵێ: (كان حقيقا عليك أن تأمرني بحسن الأداء و أن تأمره بحسن الطلب)، چونکە عومەر طەبییە ئەو نەخۆشە، ئەو کە ئەو حالەتەی دەکا حەقی خۆیتی کابرا خولوقی نییە خولوقییش ئەصڵی ئیمانە، کە ئیمانی نەبوو خولوقی نابی حەقی خۆیتی وەبکا، ئەمما عومەر نەء معیاری پێیە معیارەکەش ئیمانە، ئیمان ئەوە عییلاج نییە ئەو حالەتەی کە عومەر دەیکا ئێستا نەء، لێرە طەبیبی ئەطبیائە محمد دێ تەددەخول دەکا معیارییەت دەداتە خولوقی عومەر دەرێ: (كان حقا عليك أن تأمرني) یەکەمیین جار ئەمن، ئەمن وەم لەوەی کردییە دیارە(بحسن الأداء)، عیلمەن پێغەمبەر خۆی دەزانی جارێ

ڕۆژەکی مایيە، (وأن تأمره بحسن الطلب) ئەوجا ئیمامی عومەر دێتەوە حەجمی خۆی لەوێ کابرای یەهودی شەهادەت دەینی.

کوللی حەیاتی محمد بەو نەوعەی بووە صلی الله علیه وسلم، باشە ئەو خولوقە کو دروست دەبی؟ دەبی رب العالمین دروستی کا، بە چ؟ جبریل شەو بە شەو دەهاتە سەری هەر جارێ بە مەجموعە ئایات(کان یقرع أذنه)، وەکو صاعیقە، شەرارەی کارەبائیی لە تۆقی سەری داخیلی ناو مێشکی پێغەمبەری، ناو قەلبی پێغەمبەری یەکسەر دەبووە خولوق بە ڕۆژ تەحویلی دەکرد، چونکە لە سەر ئەو حالەتەی مومارەسەی دەکرد، یەك لەوانە مەثەلەن سورەتی: (إذا الشمس کورت) واتەسورتی التکویر، بزانن بە چ تەسەلسولەك رب العالمین ئەو حالەتە لە ناو ذاتی ئەو(محمد)ەی دروست دەکا، (إذا الشمس کورت)(التکویر١) بەحسی ربوبییەتە یوم الآخرة،(وإذا النجوم انکدرت، وإذا الجبال سیرت، وإذا العشار عطلت، وإذا الوحوش حشرت، وإذا البحار سجرت، وإذا النفوس زوجت، وإذا الموءدة سئلت، بأي ذنب قتلت)(التکویر٢-٩) هەمووی موستەقبەلە، هەمووی(یوم الآخرة)یە.

لۆیێ قورئان کە دەست پێ دەکا ئیمان لە قەلبی محمد دروست بکا پاشی کەلیمەی رب یوم الآخرة دێ، مەلائییکەت و کوتوب و ڕوسول و قەضاو قەدەر نییە، هەموو قورئان ئەوهاییە کە لە بیدایەت دێ الأیمان بالرب پاشان بالیوم الآخر هەموو قورئان جوملەتەن ئەوهاییە، دوو ئایەت هەیە لە قورئان ئیحصائی: (إلا من آمن بالله و ملائکته و کتبه و رسلەو الیوم آلاخر) ئەوەش لەبۆ ئیحصاء هاتییە بەس، دوو ئایەت لە هەموو قورئان، ما تەبەققا هەموو قورئان کە بەحسی ربوبییەت دەکات پاشی ربوبییەتی(الله)ی بەحسی یوم آلاخر دەکا، ئەو ئیحساسە بی لە ناو قەلبی صەحابی کە فیعلەن حیساب و کیتاب هەیە، ئەو حیساب و کتیابە لەقەطاطی پێشتری دێتە پێش.

مندالْ، ئافرەت کە لە دایك دەبوو لە بن خۆریان دەنا ئەوە عادەت بوو، لۆ رب العالمین دێ یەکسەر چەللبی ئا ئەو گوناهەی دەبی؟ چونکە گوناهەکی عام بووە گچکەو گەورە، دەورەمەند و فەقییر، عالیم و جاهیل ئا ئەو صیفەتەیان هەبووە، لۆیێ دێ یەکسەر ئا ئەو گوناهەی دەگری رب العالمین، ئەو هەموو تەهدییدە موستەقبەلییە:(وإذا الموءدة سئلت، بأي ذنب قتلت)(التکویر٨،٩).

حەتتا عمر بەحسی خۆی دەکا، ئیمامی عمر بەحسی حالەتی خۆی دەکا، دەرێ: کچم چار سار بوو عومری گەیشتە ئەو مستەوایەی شەرمی لێ بکەم، شەرم لە چ؟ نەوەك سبەی دوو سبەی بە مێردی بدا کە گۆتیان فلان زاوای(عمر)یە کأنە عەیبە لە کنیان، تەمەشای ئائەو سەذاجەت و سەفاهەتەی عەقلی عەرەب گەیشتبوێ، ئەوجە ئەو مندارە دەبا حەقی دەفن بی لە بن خۆرێ بە زندیاتی طەبعەن، عمر حالەتی خۆی دەگێرتەوە دەرێ: کچم چار سار بوو ڕۆژەك بە دزی لە باوەشی خۆم نا کە زۆر خۆشمی دەویست پێکەوە چوینە چۆلێ، بردمە چیایی ئەوە لە مەککە، ئیمامی عمر بەحسی خۆی دەکا

دەرێ دەستم کرد بە عارد کۆرین ئەویش مەشغولی گەمەی خۆیتی، ئەمن خۆری دەکۆرم ئەویش خۆرەکەی لادەبا لەولای خانی پێدەکا، گەمەی پێ دەکا، جاروبار تەماشا دەکا لە ئەثنای کۆرین بەسەریعی چونکە جەریمەی دەکا، دەیەوێ زوو جەریمەکەی بکا و کەس نەیبینی و کەس ئیحساسی پێ نەکا زوو داپپۆشی، بە سەریعی هەریکۆرییە بزانێ بە چ جیهازەکی، بە چ میعوەلەکی لەو سورعەتەی ئاگای لە خۆی نەماییە، تومەز زۆر پارچە قیطەعی خۆر و دەنکە خۆر کەتتە سەر دەم و چاوی و بەدەنی و جسمی، ڕدێنی، ڕدێنیان هەبووە ئا دەنکە دەنك خۆری کەتیتە سەری، مندارەکەش جارو بار تەماشای بابی دەکا خۆر لەسەر ڕدێنیتی بابە بابە خۆرەکە لەسەر دەم وچاوی و ڕوومەتی لادەدا، دەرێ ئەو بەو نەوعەی بوو لەگە من ئەمنیش چارم لۆ هەردەقەناند، عمر وەصفی خۆی دەکا، (وإذا الموءدة سئلت، بأي ذنب قتلت، وإذا الصحف نشرت،)(التكوير٨-١٠) کێوە دەچی عمر ئەو وەختی؟ عمر و ئەمثالی عمر؟ (وإذا الصحف نشرت)(التكوير١٠)، صوحوف نوشیڕەت: (وإذا السماء كشطت، وإذا الجحيم سعرت، وإذا الجنة أزلفت، علمت نفس ما أحضرت،)(التكوير١٠-١٤) لۆ؟ (وإذا الصحف نشرت)(التكوير١٠).

ئەوجا پاشان دێتە موباشیر موعالەجەی قەضایا دەکا: (فلا أقسم بالخنس، الجوار الكنس)(التكوير١٥،١٦)، موباشەڕەطەن: (والليل إذا عسعس، والصبح إذا تنفس، إنه لقول رسول كريم)(التكوير١٧-١٩) جبريل، (إنه لقول رسول كريم، ذي قوة عند ي العرش مكين)(التكوير١٩،٢٠)، یەعنی موصاحەبەی عەڕشی خوای دەکا ئەو ڕەسولە، قەولی ڕەسولییە ئەوە ئەو هەموو تەصەفوحاتانە بە نسبەت حەزرەتی جبريل، بەس لەبۆوەی فیعلەن لەناو داخیلی قەلبی محمد، وەکە محمد ئەو مەوضوعانە، ئائەو نقولانە نەقل دەکا لەبۆ قەلبی صەحابی بەو کەثافەتەی، بەو عومقە و بەو ئەصاڵەتەی بی کە رب العالمين دایدەبەزێنی لەسەر محمد صلى الله عليه وسلم، (ذي قوة عند ذي العرش مكين، وما صاحبكم بمجنون، ولقد رآه بالأفق المبين،)(التكوير٢٠-٢٣)، ئەها لە ئەثنای وەحی گۆتمان دوو جار پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم حەزرەتی جبريل دێ بە شکلی خۆی، ئەوە جارەکیانە(ولقد رآه بالأفق المبين)(التكوير٢٣) هەموو ئوفوقی پڕ کردبوو جبريل بە شیکلی حەقیقەتی خۆی کان جالسا على الكورسي، کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە حراء هاتتە خوارێ قەلیقە، موضطەریبە، ترس داپپۆشتییە هەردێ لە ترسان، وإذا بە جبريل فوجئەتەن دیسان لەپێشی پەیادەبی، یا محمد أنا جبريل و أنت رسول الله کە چاوی برند دەکا تەمەشا دەکا هەموو وەسەطی پڕ کردییە، هەرچەند چاوی برند دەکا تەماشا دەکا هەر جبريلە بە شکلی حەقیقەتی خۆی جبريل، دوو جار پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم جبريلی دیتییە، یەك لەوانە کە

باری تەعالا ئیقرار دەکا: (ولقد رآه بالأفق المبين، وما هو على الغيب بضنين، وما هو بقول شيطان رجيم، فأين تذهبون،)(التكوير٢٣-٢٦).
بەحسی ڕەسولەکەی دەکا دەرێ: كريم: (إنه لقول رسول كريم، ذي قوة عند ذي العرش مكين)(التكوير١٩،٢٠) قەرێبیە موڵاصقی عەڕشی(رب العالمين)ە، (وما صاحبكم بمجنون، ولقد رآه بالأفق المبين، وما هو على الغيب بضنين، وما هو بقول شيطان رجيم، فأين تذهبون،)(التكوير٢٣-٢٦)، یەکسەر دەگری ئینسان وەکو کەهرەباء ئەو هەموو تەهدیداتانە، پاشان كأنه، كأنه جبريل دێ باوەش بە موئمینیش دەکا(فأين تذهبون)(التكوير٢٦) کێوە هەردێن؟ کێوە دەچن؟ (إن هو إلا ذكر للعالمين)(التكوير ٢٧) ئا ئەوەی لەبۆتان دێتە خوارێ هەمووی ذیکرە لە بۆ هەموو عالەمین، ئەمەش هەریەکە عالەمەکین هەر ئینسانەك بە ذاتی خۆی عالەمەکە هەمووی جەمع کە دەبتە عالەمین، ئیذەن ئەو هەموو ذیکرە لەبۆ ئەو هەموو عالەمەی هاتییە: (إن هو إلا ذكر للعالمين، لمن شاء منكم أن يستقيم،)(التكوير٢٧،٢٨)، جارێ ڕیسالەت نییە نبووەتە ئیختیارییەت دەدا: (لمن شاء منكم أن يستقيم، وما تشاءون إلا أن يشاء الله رب العالمين،)(التكوير٢٨،٢٩) سیفەتی ربوبیەت خەتم دەکا.
پاشی وی ئەوجا سوڕەتی الحمدالله واتەسوڕەتی الفاتحه هاتتە خوارێ، یان لە سوڕەتی عادیات: (والعاديات ضبحا، فالموريات قدحا، فالمغيرات صبحا، فأثرن به نقعا، فوسطن به جمعا، إن الإنسان لربه لكنود،)(العاديات١-٦) بەحسی ئینسانە نالێ بەنی ئادەم، ئا ئەو کەلیمەیە خەتی لەبن بکێشن باری تەعالا ئەگەر مەقصەدەکی هەبی حالەتی سلبی ببی یەکسەر ناوی ئینسانی هینابیە، ئەمما خەیر بوبی گوتیتی یا بەنی ئادەم، حالەتی ئینسان باری تەعالا وەصف کا فەرموویتی ئینسان، حالەتەکی خەیری لەبۆ ئینسانی ویستبی فەرموویتی یا بەنی ئادەم ئەوە هەمووی ڕەفعی دەرەجاتی ئینسانە: (إن الإنسان لربه لكنود، وإنه على ذلك لشهيد، وإنه لحب الخير لشديد، أفلا يعلم إذا بعثر ما في القبور، وحصل ما في الصدور،)(العاديات٦-١٠) پاشان بالنتيجة(إن ربهم) دیسان رب(إن ربهم بهم يومئذ لخبير)(العاديات ١١)، ئەوە هەموو ئیسمی ربوبییەتە محمد صلى الله عليه وسلم ئەوانە هەمووی خەزن دەکا، ئەوانە هەموو مومارەسە پێ دەکا بە شعور ئیعادە و تیکراری دەکاتەوە لۆوەی فیعلەن حالەتی نبووەت تەرسیخ ببی لە ناو داخیلی، خۆی ئیعداد کا لە بۆ مستەوای ڕیسالەت ئەوە مایەی تاجیر، لە عەینی وەقتیش ئا ئەوە مومارەسە بکا لەبۆ غەیر عەطاء بکا لەبۆ ابوبکر برێ ابوبکر برۆ ئینسانی چاك ببینە، بەحثی نیعەمی رب العالمين بکە کە قییمەی نیعەم ئەوەیە ئیتیصاڵ بکا رب العالمين لەگەڵ بەشەر، عیلاقات بکاتەوە لەگە بەشەر، سەفیر بنێری لەبۆ بەشەر، کێ؟ الله جل جلاله.
برۆ بەحس بکە لەکنیان کە هاتن فیعلەن لەبۆ خزمەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێغەمبەر ئا ئەوانە نەقل کا لەبۆیان، فیعلەن ئا ئەو مومارەسە ڕبحەکەیە ڕبحی کابرای تاجیرەکەیە لە ئەثنای

مومارەسە تەثبیت و تەطمین ببی، بەو نەوعەی ئائەو جەمعە غەفیرە دروست بوو بێین بزانیین ئەوە هەمووی بوعدی ئیمانییات، بێینە واقیع پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کو ئەوەی تەطبیق کردییە لە مەککە؟ صلی الله علیه وسلم کان أعلم الناس و أعقل الناس و أذکی الناس، کە هاتییە شەریحەی موجتەمەعی مەککەی لەپێش چاو بووە ئەوە طەبەقەی فوقەرائە دەست کورتەکانە، ئەوە دەورەمەندەکانە، دەورەمەندو فەقیر قائیمەی لۆ کردیینە ئا ئەوە عاقلەکانن، زیرەکن ئەگەر ئەوانە فیعلەن ئیسلام ودینیان لەبۆ تەقدیم بکرێ تەڕەدود ناکەن زوو ئیسلامەکەی وەردەگرن، ئەو مەجموعەیە ئەوە دەورەمەندە، ئەوە فەقیر ئەمما ئەوانە صیفاتی ئیجرامیان تێدا هەیە، تەمەڕودیان تێدا مەوجودە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوانەی هەمووی کردتتە قەوائیم لە مێشکی خۆی.

لۆیە تەماشاکەن کە ابوبکر حەڕەکە دەکا لەسەر ئینسانەك فیعلەن ئینسانەکە ئیسلام بووە، تەسلیم بووە بەبێ سێ و دوو ئیذەن قەوائییمی ئەنساب تەقاریری کامیل لەکن ابوبکری هەمووی موستەجمیع بووە، لەبۆ هەموو مەککەییەکان کە لە زەمانی پێغەمبەر مەوجود بوییینە، لۆوەی فیعلەن ئەگەر هاتوو پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم بەحسی دین و ئیسلامییەتی لە بۆ شەخصەك طەڕح کرد قبولی نەکرد ئیشکال دروست دەبی لێرە لەبۆ خۆی و لەبۆ موقابیل، لۆیێ فەترەی یەکەم هەر ئیسلامەك بەچ نەوعەك تەقدیم کرابی کابرا موقابیلی ئیمتیصاصی کردییە، وەری گرتییە دەلیلی چییە؟ دەلیلی ئەوەیە موستەشاری پێغەمبەریی کە(ابوبکر)ە نەسابەی عەڕەب بووە، صیفەتی ئەوە بووە هەموو مەلەفاتی قورەیش لەمێشکی ابوبکر بووە، پێشی ئەوەی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم حەڕەکە بکا بلێ بڕۆ فلان بینە یان بەحسی نبووەتی لەکن فلانی بکە، شەخصییەتی ئائەو نەفەرەی.

مەثەلەن عثمان بن مظعون کابرایەکە دەوڵەمەندە ملیونێرە مواصەفاتی ئیجابی ئەوەندەی هەیە ئیذەن قابیلە لەبۆ وەرگرتنی ئیمان، پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم لە ابوبکر دەپرسی یا أبابکر لە قائیمەت چەند نەفەر هەیە؟ دەفەرمی ئەوەندە ئەوەندە کێهانی لە(رأس القائمة)یە؟ فلان، مواصەفاتی چییە؟ فلان و فلان و فلان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ناو داخیلی خۆی ئیتیصال لەگەر میکائیل بەرێ ئا ئەو کابرایە ناجیح دەبی لەو ئیمتیحانە، یاڵڵا بڕۆ ئیقدامکە ئەبەو نەوعەی بووە.

باشە کو ابوبکر ئەوانەی ئیختیار کردییە؟ لێرە گوتمان پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم خۆی دابەزینی ئەو هەموو وەحییە لەبۆ ئیجادی خولوقی چاك بووە لەناو داخیلی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موغناطییسییەتی لەناو دروست ببی بە موقابیل غەیر، غەیر بێ جەذبی محمد ببی، جەذبی شەخصییەتی محمد ببی عن طەریقی ئەخلاقی محمد، باشە عەینی وەقت نابی ئا ئەوەی جەذب دەکرێ لەبۆ ئیسلام قییچەك لەو مواصەفاتانەی تێدا بی؟ لەجەواب دەلێین بەڵێ نەفسی مواصەفات بووە بوییتە سەبەبی دروست کردنی کەللابە ابوبکر حەڕەکە بکا لەسەر ئائەو صەحابیانە.

مەثەلەن عثمان بن عفان حەرەکە دەکرێ لەسەری بێتە ناو دینی ئیسلام دیراسەی هەموو حەیاتی عوثمانی کردییە ابوبكر، تەقریری موفەصەلی دایتە پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم، مەثەلەن ئەو کابرایە عاقڵە هەر مەوضوعەکی لەبۆ طەرح بکرێ دیراسەی دەکا بە عەقل تەحلیلی دەکا، پاشان موحتەمەلە بەعزە برادەری ئەهلی کیتابی هەبی عثمان بن عفان موراجەعەی وانیش بکا، کابرا تاجیرە ئیذەن عەقلی تیجارییە، عەقلی تەجریبییە، عومری گەورەیە، لە ناو عائیلە و عەشیرەتی خۆی موقەدەر و موکەرەمە، قسەی لێ وەردەگیرێ ئائەوانە هەموو مواصەفاتی ئیجابی بووە، ئیذەن پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم کە ئەو حالەتە خولوقیانە خۆی مومارەسەی کردییە لەعەینی وەقتیش مولاحەظەی کردییە بە میکروسکۆب، نەفسی ئەو خولوقانە ئیجابی لە کێ مەوجود بووبی لۆوەی ئەو خولوقە ئیجابییەی لەگە ئەو خولوقە ئیجابییەی ڕێك بکا، یەك بگری ئەها پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم حەدیثەکی هەیە دەفەرمی: (المرء علی دین خلیلە فلینظر أحدکم من یخالل) لۆ؟ لە سەر قاعیدەکی عەرەبان دەرێ: (الطیور علی اشکالها تقع) تەبیر شکل و مەجموعەی خۆی کوبی لەگەر وان دەنیشی، لەگەوان وان دەفڕی، پێغەمبەریش صلی الله علیە وسلم لەبەر ئەوەی صیفاتی ئیجابی و ئا ئەو دیینەش خولوقی ئیجابی تەحەمول دەکا ئیذەن موجایر دەبی، ئائەو مەوضوعە لە بۆ ئینسانی خەبیر طەرح بکرێ نەك ئینسانی تافیهـ، نەك ئینسانەك بێ عەقل، نەك ئینسانەك جاهیل.

لۆیە شەریحەی یەکەم کە وەریان گرتییە ئەو دینەی ئەو مواصەفاتانەیان هەبووە، مەثەلەن بیلال ئەو دینە تەحەمول دەکا لۆ تەحەمول دەکا؟ چونکە عەقلی ناضجە، فکری موتەوەحیدە ئەقەلەن ئائەو ئیمکانیەتەی هەیە بێ موعایەرە بکا بەینی جاهلییەت و بەینی ئیسلام، کە رب العالمین دەفەرمی: (وإذا الموءدة سئلت، بأي ذنب قتلت،)(التکویر٨،٩) ئەوەی موعایەرە بکا فیعلەن ئەو ئافرەتە لۆ بکوژرێ؟ ئەو کچە ئەگەر گەورە نەبی بە مێرد نەدرێ نابتە داك جیل پەیدا نابی ئیذەن نەسلی بەشەرییەت قەطع دەبی، هەر بەعەقل مادام وایە قورەیش و عەرەب نامینێن پاشی حەفتا، هەشتا ساڵی دی تەزاوج ناکرێ، مەمنوع بوو زەواج بەناوی عەیبەی، ئیذەن حەتمەن ئەو مەصدەرەی کە ئائیعلامی محمد دەکا مەصدەرەك رەبانییە، فەوقییە چونکە ئەو حالەتە نەشر بوو لەناویان، لۆ رب العالمین دێ ئەو نەقدی ئەو عەیبەی دەکا؟ چونکە عەیبەکە مونتەشیرە لە ناویان بەو حالەتەی دینەکە سەبر سەبر نەشر دەبی، لۆیێ لە فەترەی یەکەم دینی ئیسلام دوژمنی نەبووە نەلە أبو لهب، نەلە ابو جهل، نەلە ابو سوفیان، نەلە ابو وەلید بن موغیر کەس چونکە لۆ؟ موعاکەسەی نەکردییە لەگەل کەس، موناقەشە و موشاجەرەی لەگە کەس نەبووە، عوقەلاء و ئەصحابی فیکر و ئەصحابی علم هاتیینە ناو دین سەبر سەبر.

بەس ئەوەندە ترسانینە لە نادی کە ئیجتیماع کراییە موحتەمەلە ئائەو دینە سبەی دووزبەی ببتە قاعییدە، زەمینەکی زۆر بگری، خەرکەکی زۆر بچتە ناویی حیسابی ئەوەیان کردییە ئەگەر هاتوو فیعلەن ئیسلام ئینتیشار بوو لەناو مەککە تەئثیر لە ئیقتیصادمان دەکا یان نا؟ ئەو رەبەی محمد بەحس دەکا رب البیت ئائەو ئیلاهانەیە کە ئەمە دامان نابیە سێ صەد و شێست و قسور ئییلاهە؟ لەو صیراعەی دابویینە، لۆیێ لەناو سووەڕی مەککی لەمەرحەلەی یەکەم هیچ کەلیمەك نییە موباشیر لە مێشکی قوڕەیشی عەنییف بدا، ئیللا ئەو وەختەی کە خۆیان فیعلەن شەیطان دێ بوئەر دروست دەکا شەیطانی حەقیقی طەبعەن نەك شەیطانی خەیالی، شەیطانی حەقیقی دێ بوئەر دروست دەکا لە ناو قوڕەیش، عیلاقات و وەساطە دروست دەکا لە ناو قوڕەیش ئەوجا بە واسطەی شەیطانی مەفاهیم نەقل دەبی، بە واسطەی شەیطانی حەقیقی مەفاهیم نەقل دەبی، نەخۆ ابو جهل و ابولهب لەو مستەوایەی نەبوویینە بتانن فیعلەن ئا ئەو هەموو قەضایانە تەحلیل و تەشریح بکەن لە موستەقبەل دوژمنداریەتی محمد کەشف کەن بە نسبەت ئیلاهـ و رەبەکان و ئەصنامەکانی خۆیان، ئیذەن ذەکاء و عەقلی ڕەبانی داعیی یەکەم لەبۆ نەشری دەعوە.

موستەخلەصی قەضییە: خولوق ئەصلە لۆیێش پێشی سێ دەرسان بەحسی ئەوەمان کرد حەتتا هیدایەت درانیش من قبل الله دەبی مواصەفاتی ئینسانی لە ئینسان مەوجود بی، ئەوجا دێ رب العالمین هیدایەتی ئەو ئینسانەی دەدا، ئەوە موختەصەرەکی موبەسەط لە صیەغی دەعوە، وە ئیمتیصاص و هەضمی مەفهومی ربوبییەت، وە تەحویلی ئا ئەو ربوبییەتە بەخولوق لەبۆ وەسەط، وە وەسیطی وەسەط کە ابوبکر بووە کو تانیتی ئەوە تەقدیم بکا؟ ئائەو وەسەطەش کە ڕسول الله بووە کو تانیتی ئەوە ئیمتصاص بکا لە ناو داخیلی خۆی بەبێ تەفەنون، بەبێ دبلۆماسیەت.

ئیستیفادەی ئیستینتاجمان لەو دەرسەی ئەوڕۆ دیسان تیکراری دەرسی پێشترە، ئەمەی شەبابی صەحوە بمانەوێ فیعلەن ببینە دەرمانی دەرد و عیللەتی ئەو موجتەمەعەی بەس بە ئیمان دەکرێ فەقەط، ئییمانی حەقیقی، ئییمانی حەیەوی ئەو ئییمانەی کە محمد پێی درابوو بە مومارەسە، وە ئەو ئییمانەی کە(ابوبکر)یش ئیستیخلاصی کرد عەن طەڕیقی مومارەسە لەگەر پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، ئەو ئیمانە خولوق لە ناو داخیلمان دروست بکا ئەو وەختی هەرچی ئەسماء و ئەفعالی(رب العالمین)ە کە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ئەمرمان پێ دەکا(تخلقوا بأخلاق الله)، ئەو وەختی ئەو ئەسماء و صیفاتانە لە ناو داخیلمان عەکس دەبی، ئەو وەختی ئەمە دەبینە جسر لە بۆ موجتەمەعی خۆمان فیعلەن لە ناو جەهەننەم ئیخڕاجیان کەین لەبۆ جەننەت، دەرمانی وەحید ئەوەیە(الأیمان بالله و الیوم ألآخر).

ئەگەر ئەوەمان تێدا مەوجود نەبی بەخوای دیسان ئیعادە دەکەمەوە ئەوانەی کە لە دەوروبەرمان دەژیین بە هەموو هەیئات و شت لەمە زیرەکترن لە زیرەکی، لەمە سیاسییترن لەسیاسەت، لەمە عالیمترن لە علومی کەونی و علومی تەجرییش، لەمە عەرییقترن لە تەجاروبی حەیات بەس یەك شتیان پێ نییە ئیمان، هەر ئەوەش بووە رب العالمین بە عەطاء دایتییە محمد و دایتییە صەحابە، ئەوەش بوویتە لە ئەثنای میزان دانان لە ناو واقیع و موجتەمەع ئیمانەکە بردیتیەوە، بمانەوێ فیعلەن خۆمان و عەوائیلی خۆمان و خزم ناسیار و دەور و بەر و وەسەط و موجتەمەعی خۆمان ئینقاذ کەین فەقەط بەس بەئیمان دەکرێ، ئیمانی حەقیقی، ئیمانی صادیقانە ئەویش هەر موئمینەك، هەر گەنجەك محاوەلە بکا فیعلەن بە سەهل و سانا دەیگاتێ بەبێ جوهدەکی زۆر. دوعا دەکەین لە باری تەعالا ئەو ئیمانە حەقیقەمان پێ ببەخشی، تەرشید و تەصوییمان بکا، دەفع و دەعممان بکا لەبۆ نەیلی ریضوانی خۆی أقول قولی هذا و أستغفر الله لي و لكم، سبحان ربك رب العزة عما يصفون و سلام علی المرسلين و الحمد لله رب العالمين.

کێ سؤالی هەیە، ئیستیفساری هەیە، تەعلیق، تەنویر بەڵێ فەرموو.

(یەکێك): ئەو کتابە لە کێ بە دەست دەکەوی؟

(مامۆستا): لەمەکتەبە بەعینوانی الطب میحراب الایمان پاشان یەك دوو کیتابێتکە هەیە ئەگەر جەنابت تەشرییف بینی بە موفەصەلی، ئا مەکتەبەی ڕەسەن ئەمن لەوێ شاگردم تەشریف بینە وێ إن شاء الله لەوێ کیتابەکەت دەدەینێ إن شاء الله، بەڵێ سوئالی دی؟

(یەکێك): ئایا راستە دەڵێن پێغەبەر صلی الله علیه وسلم سێ ساڵ عقوبە درایە وەحی لۆ نەهاتتە خوارێ؟

(مامۆستا): صەڕاحەتەن محاوەلەی تەهەڕوبم دەکرد لەو سوئالەی ئەمما بە واجیبی دەزانم صەڕاحەتەن ئیعادە نەزەڕ لە بەعزە تەفسیر بکرێ، لەئەغلەبی تەفاسیر لەکتوبی سیرەش بەحسی ئەوەی دەکا رب العالمين عقوبەی پێغەمبەری دایيە بەفەترەك نزیکەی سێ ساڵ، بەعزەك سییەرییین وەدەڕێن، بەعزەك موفەسیرینیش هەر تەئیدی ئەو ڕەئیەی دەکەن کأنە پێغەمبەر عقوبە درابی سێ ساڵ وەحی لێ قەطع کرابی، بەعزە ڕیوایەتیش هەیە لە صیحاح ئەمما سوڕەتەکە مەقصەدی ئەوە نییە، لەبیدایەت باری تەعالا سوند دەخوا: (والضحی)(الضحی١) بەحسی فەجر ناکا، بەحسی لەیل ناکا کەلیمەی ضحی یەعنی ئینظاجی ڕۆژە، یەعنی ڕۆژ نەك قرچە قرچیتی ئەمما شەك لاچونە لەوەی کەڕۆژ ڕۆژە شەککی تەواو لابچی، (والضحی، والليل إذا سجی)(الضحی ١،٢) ڕۆیشت لەیل ڕۆیشت تەواو فەوتا باری تەعالا سوند بەو دوو صیفەتەی دەخوا، بەچ؟ بەحەقیقییەتی بە ئیرتیباط و تەوفیق بەینی ئائەو عەبدەی لەپێشی ویلادەت، وە پاشی ویلادەت وە هەتا فەترەی نبووەت، پاشی

نبووەتیش، یەعنی یا محمد قەسەم بەو ضوحایەی چونکە ناو دائیمە تەصمیمی ئایاتی قورئان جوغرافییەتی کەلیماتی قورئانی هەریەکە هەدەفی خۆی هەیە، هەر کەلیمەك لەو مەوقیعەی مەقصەدی خۆی هەیە، کەدێ مەقصەدی خۆی ئەدا دەکا پڕ بەپیستی خۆی مەقصەدەکەی ئەدا دەکا واضحە؟ (والضحى)(الضحى١) قەضییەك هەیە باری تەعالا دەیەوێ موعالەجەی بکا، بەچ؟ بەو یەقینییەتەی کەفیعلەن ڕۆژ دەبتە ضوحا، کەینێ؟ ئەگەر هاتوو شەو بەفەترەکی زۆر چوو بی: (والليل إذا سجى، ما ودعك ربك وما قلى)(الضحى٢،٣) هیچ وەقتەك، هیچ وەقتەك رب العالمين بەجێی نەهێشتی، وە ئیهمالی نەکردی نەك مانگەك، دوو مانگ، سێ مانگ، ساڵەك، دوو ساڵ نەخێر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چ جەریمەی نەکردییە عقوبە بدرێ، لۆ وەحی لێ قەطع دەکرێ؟ داعی نییە ئیننەما(ما ودعك) اي ماتركك ربك لحظة واحدة،(وما قلى) وما اهملك لحظة واحدة دائما كان معك برعاياته و رحماته و الطافه نعم.

(وللآخرة خير لك من الأولى)(الضحى ٤) پاشی نبووەت خير لك من الحياة الاولى، الاخرة بعد نبوة باری تەعالا لێرە حەتتا میلادی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم بەنبووەتییەوە(حتى إذا بلغ أربعين سنة)(الأحقاف ١٥) لێرە: (قال رب أوزعني أن أشكر نعمتك التي أنعمت علي وعلى والدي)(الأحقاف ١٥) ئائە لێرە، لێرە ویلادەی حەقیقی(محمد)ە هەتا ئێستا ئیعدادات بووە لەبۆ فەترەی، ئیذەن: (وللآخرة خير لك) بەچ؟ لە عومر: (من الأولى)(الضحى ٤) ئائەوەی پێشی نبووەت ڕۆیشتییە، وە لە ئاخیرە چ دەکا؟ (ولسوف يعطيك ربك فترضى)(الضحى ٥) کەینێ؟ ئەوە لەئاخیرەت، ئیذەن حەیاتی دونیا دوو فەصڵە فەصڵی پێشی نبووەت، فەصڵی پاشی نبووەت، پاشی نبووەت: (وللآخرة) (الضحى ٤) الاخرة الايام التي تلي بعد نبوة خير لك من الايام التي مضت: (ولسوف يعطيك ربك فترضى)(الضحى ٥).

ئەوجا دێ تاریخ حەیاتی لەبۆی ئیعادە دەکاتەوە: (ألم يجدك يتيما فآوى)(الضحى ٦) اذا كنت يتيما فأواك، سێ جار پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یەتیم بووە من ابه و امه و جده الم يجدك يتيما فأواك؟ پاشان: (ووجدك ضالا فهداك)(الضحى ٧)، پاشان: (ووجدك عائلا فأغناك)(الضحى ٨) كيف يدعوك، ويقريك؟ كيف؟ لا يدعوك ئەگەر بەیەتیمی وازی لێنەهینابی، (ألم يجدك) من وجدك؟ (ألم يجدك يتيما فآوى، ووجدك ضالا فهدى، ووجدك عائلا فأغنى)(الضحى ٦-٨) بالمقابل: (فأما اليتيم فلا تقهر)(الضحى ٩)، هەرسێ ئەمر موقابیل، هەر سێ حالەتی سابییقەی حەیاتیتی: (فأما اليتيم فلا تقهر، وأما السائل فلا تنهر، وأما بنعمة ربك فحدث)(الضحى ٩-١١).

پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم قەطعی وەحی بەسەردا نەهاتییە بەهیچ نەوعەکی، عقوبە نەدراییە بەهیچ نەوعەکی، چونکە لۆ؟ پێشی ئەوەی پێغەمبەر ئیبقدام بکا لەبۆ حالەتەك رب العالمين پێی

ناخۆش بی لەناو قەلبی موحاسەبە کراییە، سورەتی پاشی وی عەبەسەی بخینە باری تەعالا زۆر بەئەدەبە لەگەڕ ئینسان، زۆر عەجیبە ئەو قورئانە بەس قەلبتان بکەنەوە لەبۆ رب العالمین برۆنە ناو قورئان شتی عەجیبی لێ کەشف دەکەن، رب العالمین نەصیحەتی پێغەمبەر دەکا بە غەیر موباشیر مەبنی للمجهول: (عبس وتولی)(عبس١) کێییە؟ نازانیین، (أن جاءە الأعمی)(عبس٢)، عوبس حالەتەکی دیکۆر گۆڕینە دەم و چاوی ئینسان غەضەبی بوونە، باری تەعالا لەقطەی دەم و چاوی پێغەمبەر تەصویر دەکا لەبۆ مەی دەگێڕتەوە، عیلمەن (مبني لمجهول)یشە مەوضوع نالێ عبست یامحمد، لم عبست یامحمد؟ ئەئەوندە بەئەدەبە رب العالمین: (عبس وتولی، أن جاءە الأعمی)(عبس٢،١)، ئەوجا پاشان: (وما یدریك لعله یزکی، أو یذکر فتنفعه الذکری، أما من استغنی)(عبس ٣-٥)، سەبر سەبر ئەگەر رب العالمین صورەی محمد لەبۆ مە نەقل کا تەقطیبی دەم و چاوی پێغەمبەری کە عوبس عەبوسییەتی گرتییە صلی الله علیه وسلم، یاخود لەقەلبی، باری تەعالا لەقەلبی موحەمەدی باری تەعالا ڕەقیبە لەسەر قەلبی، شت بە قەلبی موحەمەدی دادەڕوا یەکسەر باری تەعالا تەسجیل دەکا لەسەری.

پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم بەتەمایە شتەك حەڵاڵکا، حەرامکا لەخۆی حادیثەك بووە لەبەینی خێزانەکانی هەنگوین، دەیەوێ هەنگوین لەخۆی حەرام کا(لم تحرم ما أحل الله لك)(التحریم١)، جارێ حوکمیشی نەداییە بەس نییەتی بووە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم بەخۆی بلێ لەمەو پاش حوکم لەسەر خۆی بدا چیدی هەنگوین ناخوا، (یا أیها النبي لم تحرم ما أحل الله لك تبتغي مرضات أزواجك)(التحریم١)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەرصود بووە دائییمەن، ویستبی شتەکەی بکا جارێ نەیکردییە ئیرادەی کردبی ئەگەر خەطەء بووە باری تەعالا تەصویری کردییە و تەرشیدی کردییە، خەطەء نەبووبی دەفعی کردییە و تەئیدی کردییە باشە لۆ یودعك ربك؟ لم؟ (ما ودعك وما قلی)(الضحی ٣) هذا هو حاڵی بووی؟

(یەکێك): فرقه ناجیه کێنە؟ والراسخون في العلم کێنە؟

(مامۆستا): لەگە هەموومانیتی اهل السنة والجماعة هەموومان فرقه ناجییەین، الراسخون في العلم مەقصەدی ئەو مەجموعە صەحابیانەییە کەلە بیدایەت ئیمانیان بەپێغەمبەر هینابییە، ئەو الراسخون في الایمان و الراسخون في العلم یقولون امنا بکل ماعند ربنا، ئیذەن علم الانسان اي علم الانسان کیف یاخذ الایمان؟ (خلق الإنسان، علمه البیان)(الرحمن٣،٤) هەها(الرحمن، علم القرآن) (الرحمن١،٢) (الرحمن، علم القرآن) (الرحمن١،٢) نەك ابن کثیر علم القران، (الرحمن، علم القرآن، خلق الإنسان، علمه البیان) (الرحمن١،٤)، لێرەش: (اقرأ باسم ربك الذي خلق، خلق الإنسان من علق، اقرأ وربك الأکرم، الذي علم بالقلم، علم الإنسان)(العلق١،٥) کەینێ؟ پاشی فەتحەکەی.

لۆیە گۆتم لەبیدایەت إن شاء الله پاشانیش سەبر سەبر دەچینە ناو تەشریحی مەککەیی طەبەقاتیان هەبووە، پاشان ئەوجا کو ئەو طەبەقاتە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کو تەفصیل دەکا لەیەك؟ مەثەلەن محاوەلە دەکا مواجەهەی بەس لەناو یەك طەبەقە بی، مواجەهەی لەگە مجموعەکی مەحدود بی، قورئانیش دائیمە ئائەو محاوەلاتانە دەکا مەثەلەن محاوەلە دەکا لەبۆ کوفر کوفر تەعویم نەبی، ئیننەما بەلوەرە بکرێ، ببتە قالبەك، شەخصەك رەمزییەتی بکا لۆوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بتانی لێیدا ئەوە خەریتەی قورئانە لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، إن شاء الله لە موستەقبەل دەگەینێ طەبعەن ئەوە دروسە لەبۆ صەحوە.

لەرەمزییەتی کوفر لەناو مەککە ئەبولەهەبە طەبعەن ابولهب پاشان کەشەیطان دێ جسر دروست دەکا لەگەر ابولهب، عیلاقات دروست دەکا، سەفارات دروست دەکا، ابولهب وەحی شەیطان وەردەگری موباشیر لەمەوپاش شەیطان عەن طەریقی ابولهب ئیش دەکا، ئیذەن موباشیر دەبی وەحی لە ابولهب بدا ابولهب بشکێنی ئەبوجەهلیش نەفسی شت، ئائەو دوو رەمزە بشکێنی ئیسقاطیان کا، کە ئیسقاطی کرد لەسەر سقوطی وان شت بینابکا، ئەوجا کە هەرچەند ئەوانە حەرەکەیان کرد بەسقوطییەتی خۆیان حەرەکە بکەن، مەثەلەن یەك لەو غەرابەتانە ئەوەیە کەباری تەعالا دێ هەر حەفتەمین هەشتەمین سورەت: (تبت یدا)یە عیلمەن بیست ساڵ مایە وەحی، ابولهب یەکجار نایێ تەحەددییەن برێ بابە ئەمنیش ئیمان دەینم لۆوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەدرۆ بخات دەی تانی ابولهب وەبرێ، یەك رۆژ بڵێ بابە ئەمن دەبمە موئمین لۆ؟ چونکە قورئان ئەوهای گۆتییە نابی ئیمان بینی، طەبعەن نەك قورئان گۆتیتی ئیللا نابی ئیمان بینی نەء، قورئان حالەتی ئەزەلییەتی(ابولهب)ی دیراسە کردییە حەقیقەتی موستەقبەلی لەبۆ پێغەمبەر طەرح دەکا، ئەوجا کەدێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم صیراعی ئیمانی، نەك شەخصی صیراعی ئیمانی لەگەر کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەمثیلی رەمزی ئیمان دەکا لەگەر کوفر دەکا، کە رەمزە کەئەوان دەیانەوێ لەرەمزییەتی پێغەمبەر بدەن نەفسی شت قورئان دەیەوێ لە رەمزییەتی وان بدا، نەفسی ئسلوب باری تەعالا لەبۆ حەزرەتی موسی و فیرعەون، ئەها فیرعەون دەلێ: (لقد کنت فینا ولیدا ولبثت فینا من عمرك سنین)(الشعراء ١٨) لەجێیەکیتکە(ام هذا الذي لا یکاد یبین)(الزخرف ٥٢).